# خەڵکی هەڵەبجە لە نێوان دوو بەرداشی یەك ئاشدا

**هیدایەت مەلا عەلی**
hidayat_malaali@yahoo.com
2005/6/23

خەڵکی هەڵەبجە هەمیشە ئەو گەنمە بوون کە شەڕ و ئاشتی نێوان دوو بەرداشی یەك ئاش لە ناوچەکەدا ژیان و گوزرانی هاڕیوون و دۆزەخێکی داگیرساوی بۆ داخستوون ,ناسیۆنالیزمی کورد و دەستەتاقمی ئیسلامی هەمیشە دوو بەڵای سەرشانی خەڵکی هەڵەبجە بوون , بەیەکەوە لە یەك حکوومەت و یەك بەرەدا یاخود لە شەڕو لە کاولکاریەکانیاندا . ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و دەسەڵاتەکەی زیاتر لە 12 ساڵە پشتێکی قایمی تیرۆریزمی ئیسلامیەو بە هەزار و یەك بیانووەوە لە بەرانبەر خەڵك ڕایگرتوون و پاروی دەمی خەڵکی هەڵەبجەی بۆ ئەو دەستەوتاقمە گرتۆتەوەو بە ژیانێکی مەمرە و مەژی ملی پێداون . ئەم دوو بەرداشە هەمیشە ژیان و ئەمنیەت و گوزەرانی خەڵکی هەڵەبجەیان بۆ یاریەك بەکار هێناوەو خۆیان پێ بەهێز کردووەو خەڵکی هەڵەبجەیان بار هێناوە بە دەسەڵاتەکانیان .

دەستەوتاقمی ئیسلامی 12 ساڵ تەواوی ژیان و مافە سەرەتایەکانی خەڵکی هەڵەبجەی کرد بە قوربانی دژی ئینسانی ترین بیروباوەڕ لە ناوچەکەدا , ئەوەی ئەوان کردیان بە بە خەڵکی هەڵەبجەو ناوچەکە مەگەر هەر لە سوونەت و دەسەڵات و بیروباوەڕی ئەواندا هەبێت , تەقە کردن لە شانۆگەری , قەدەغە کردنی تاوڵە و فرۆشتنی سابوونی بۆن خۆش , ڕێگا نەدان بە سەیران و ئاهەنگ , سانسۆر دانان لەسەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆی خەڵك بۆ ئەوەی بزانن لەسەر چ کەناڵێك دایاناوە . ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش 14ساڵە داهات و سەرچاوەی ژیانی خەڵکی دەست بەسەردا گرتووەو خەڵکی هەڵەبجەی وەك وەسیلەی پارە پەیدا کردن و سیاسەت چنینەوە بەکار هێناوە , ئەحزابی دەسەڵات داری کوردوستان قوربانیەکانی هەڵەبجەی کردۆتە بازنی دەستی بۆ تەواوی مەرامە سیاسیەکانی .

هەر کە پێوویستی بە دەنگ و ڕەنگی خەڵکی هەڵەبجە بوو ئەوا بە جامانەکەی یەکێك لەئینسانە هەرە شەریفەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە سووێندیان دەدات و دواتر هەموو لە بیر ئەچنەوە , لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا خەڵکی هەڵەبجە دەیان جار کۆڵان و بازاڕەکانیان بوویە مەیدانی شەڕی ناوخۆ و ئینسان کوژی, هەرگیز مەرگی ئەو مناڵەی دراوسێمان بیر ناچێت لە باوەشی دایکیدا کاتی شیر خواردن گولەیەکی شەڕی ناوخۆ چوو بەسەریدا بوویە لاشەیەکی بێ گیان و خوێناوی , ئەم دەسەڵاتە هەتا ئێستا وەڵامی بە سادە ترین داواکاری و فەوری ترین پێداوویستیەکانی خەڵکی هەڵەبجەی نەداوەتەوە , ئاو , کارەبا , تەندروستی بە تایبەت بریندارەکانی کیمیاباران , یاریگا باخچەی ساوایان ,کتێبخانەی تەواو و دەوڵەمەند ,شەقا م و ڕێگاو بان , مەڵبەندی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ تەواوی ئارەزوو مەندان , مەلەوانگە و جێگای کات بەسەر بردن , بنیات نانەوەی هەڵەبجەو ئاوەدان کردنەوەی. لەگەڵ هەر یادکردنەوەو کارەساتێك باسی 500 خانوو دروست کردن دێنە گۆڕێ وا ئەزانن کێشەی خەڵکی هەڵەبجە تەنها 500 خانووە .

کاتێ دەستەوتاقمی ئیسلامی بە زۆری چەك لە هەڵەبجە دەسەڵات دەگرن بە هەڕەشەو چاو سوورکردنەوە و کوشتن و ئازاردان خۆیان ئەسەپێنن , ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش کاتێك لە هەڵەبجە دەسەڵات دەگرن بە ترسناکی وسێبەری ئەنسار ئیسلام وکارە دژی ئینسانیەکانیان خەڵکی هەڵەبجە ئالودە بە بێمافی و فەسادی ئیداری و هەلومەرجێکی سەختی ژیانی وەك ئێستایان دەکات . تیرۆریزمی ئیسلامی ئەو هەورە ڕەشەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد لە هەڵەبجە شەرعیەتی پێ دەدات بە خۆی . ئەم ماوەیە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لە گەڵ یەکێك لە دۆستە خۆشەوویستەکانم باسی وەزعی هەڵەبجەمان کرد , دۆستەکەم زۆر سەخت باسی ئەو ژیانەی کرد , منیش ووتم ئەی خەڵك , ئەویش لە وەڵامدا ووتی ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی لە هەڵەبجە لەم دەسەڵاتەی قبووڵ دەکەن تەنها ئەوەیە خەڵك ترسی ئەنسار ئیسلام و تیرۆری هەیە , ئەگینا ئەمانیش کەم ناکەن بە خەڵك , هەرچی هەیە بۆ خۆیانە .

من سەرەڕای ڕسواو مەحکوم کردنی ئەوکارە تیرۆریستیەی ڕۆژی 21 ی حوزەیران کە " ئەنوەری حاجی عوسمان" و "بەکرعەلی و ئاری حەمە باقی " تێدا تیرۆر کران لە گەڵ دوو مناڵ لە نزیك ڕووداوەکە بوون لە دەروازەی شاری هەڵەبجە , دڵنیام کە جارێکی تر ئەحزابی دەسەڵاتدار لە هەڵەبجە بە هۆی ئەم ڕووداوەوە دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێتەوە بەسەر خەڵکیداو بێمافیەکی زیاتر بە نسیبی خەڵکی هەڵەبجە دەبێت , چونکە تیرۆریزمی ئیسلامی

سیاسی  خەریکە لە ناوچەکە خۆی دەمە زەرد دەکاتەوە . ئەم هاوکێشەیە لە دژی خەڵکی هەڵەبجە یەو ناکرێت خەڵکی هەڵەبجە بە هۆی کابووسێکەوە کابووسێکی تر قبولْ بکات , کۆتای هێنان بەم یاریە کۆتای هێنان بەم ئاشەی ژیانی خەڵکی هەڵەبجە دەهاڕێت , بڕیارێکە لای خەڵکی هەڵەبجە خۆیەتی وەك ئەوەی خەڵکی ڕانیە ئەنجامیان دا . ئەبێت خەڵکی هەڵەبجە تەواوی دەستەوتاقمی ئیسلامی بە ڕەسەن و ناڕەسەنیان ڕا بماڵێت و لە دەوری داخوازی جیابوونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوولەتی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی کۆببنەوە , تا بتوانن ژیانێکی ئینسانی و ئاسودە بۆ خۆیان دابین بکەن .

بژی خەڵکی هەڵەبجە

ڕسوای بۆ تیرۆر و تیرۆریستان